دەستگیرکردنی ٣ تیرۆریستی داعشی لەسلێمانی ڕاگەیەندرا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئۆپراسیۆنەکانی ئاسایش, بەهەماهەنگی ئاڵۆگۆڕی زانیاری لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی عێراق لەسنووری (سلێمانی و چەمچەماڵ و شارەزوور) توانیان(٣)تیرۆریستی داعش دەستگیربکەن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی ئاسایشی هەرێم کە دەستی موتەڵەع کەوتووە تیایدا هاتووە"لەماوەی ٦ تا ٢١ی ٢٠٢٥/٥ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئۆپراسیۆنەکانی ئاسایش، لە سێ چالاکی جیاوازدا، لەسەر بنەمای زانیاری هەواڵگری و بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، دوای بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری وورد و دەستنیشانکردنی شوێنی تیرۆریستان توانیان ٣ تیرۆریستی داعش لەدەوروبەری سلێمانی و چەمچەماڵ و شارەزوور, دەستگیربکەن کە لەلایەن دادگاکانەوە داواکراو بوون، لەڕابردوودا ئەندامی چالاکی گرووپی تیرۆریستی داعش بوون.

وتیشی لەئێستادا تۆمەتباران بەماددەی (٤)ی تیرۆر ڕاگیراون و ڕووبەڕووی یاساکرانەوە و لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان بەردەوامە.